رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
19:14 19-9-2007بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# داستانی زەمبور سەلماندی كەسیاسەتی تەعریب باڵا دەستی شۆڕشی ئەیلولی پێ نەوی ناكرێت ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا

ڕژێمە شۆڤێنی یە یەک لە دوایەکەکانی عێراق، هەمیشە هەوڵیان داوە سەرچاوەی بژێوی و داهاتی میللی ئایندەی سەربەخۆیی کورد زەوت بکەن و بە داگیرکردن و بە عەرەب کردنی ناوچە نەوتی یەکانی کوردستانی باشوور، کورد نا ئومید بکەن بەوەی بیرلە دەستە بەربونی حکومەتی سەربەخۆی ئایندەیی خۆی بکاتەوە، تا کورد سارد بکەنەوە لە و داوا ڕەوایە و قەناعەتی پێ بێنن کە بەبێ سەرچاوە ن، شۆڕش وسەربەخۆی و بە دەست هێنانی مافی نەتەوەیی خۆماندو کردنێکی بێ هەدەرە و دیارە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و سەرکردەی دووربین (بارزانی نەمر) بەلای خۆیەوە بایەخی ستراتیژی ناوچە نەوتیەکانی کوردستانی دەزانی وهەمیشە دەیویست ئەو ناوچانەو ئازادکردنی و گێرانەوەی بۆ باوەشی کوردستان بکاتە ئامانجی ستراتیژی و تەنانەت بەرنامەی ناوەندی شۆڕش و بیکاتە یەکێک لەوئامانجە نەتەوەیی یە ستراتیژیانەی هەرگیزا و هەرگیز سەودای پێ نەکرێ وبیخاتە پێودانێکی پیرۆزیەوە، هەڵبەتە ڕۆژانی گەمەی شۆڕش دەبوایە سەرکردایەتی شۆڕش، هەوڵ بدات کە بیسەلمێنێ دەستی پێشمەرگە لە ناوچە نەوتی یەکانی کوردستان دوورنی یە و دەتوانێ بیگاتێ و دەشبێ بیسەلمێنێت کە نەوتی داگیرکراوی کوردستان ئەگەر بۆ کورد نەبێت، ئەوا بازووی تۆڵە ستێنی پێشمەرگە ناهێڵێت بەس هەلیلوشێ وبێ خەم داهاتی ئەوکانگای زێری ڕەشە دزراوەی کوردستان بخواتەوە.




لەلایەکی دیکەوە پاڵاوگەوکارگەکانی نەوتی دزراوی کوردستان ئەوەدەمە بۆ ڕژێمی داگیرکەر سەرچاوەی داهاتێکی سەرەکی بوو کە دەیتوانی خۆی پێ پرچەک بکات وشۆڕشی کوردی پێ سەرکوت بکات و ویژدانی خەڵکی ساویلکەی چلکاوخۆری کوردی پێ بکرێت وپشت وپەنای نێودەوڵەتی بەرژەوەند پەرستی پێ مسۆگەر بکات.

لێدانی کۆمپانیا نەوتیەکان و پاڵاوگەکان لەلایەکەوە باری ئابووری داگیرکەری دەشڵەژاندو لەلایەکی دیکەیشەوە سەرنجی دونیای دەرەوەی ڕادەکێشا کە شۆڕشی کورد بەوکارەی دەستی باڵای دەگاتە دوا سنووری کوردستان و تەسلیمیش نابێت بە سیاسەتی تەعریب و ئامادە نییە دەست بەرداری ناوچە کوردنیشینە نەوتاویەکان بێت.

داستانی زەمبوور.... .

لە ساڵی (1965) سەرکردایەتی شۆڕش ورابەری کورد (بارزانی نەمر) بەووردی نەخشەی چالاکی ئەوداستانەیان داڕشت کە تێیدا بتوانرێت دەستەیەک شێرە پێشمەرگە بنێرێتە سەرناوچەی زەمبوور کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی شاری کەرکوک و ناوچەیەکی نەوتاوی یە و دوووێستگەی پاڵاوتن ی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەورەی تێدایە وناوچەیەکی دەشتاوی یەو چیای حەمرین بە سەریدا دەڕوانێ و، ڕژێمی ئەوکات بەخەیاڵیدا
نە دەهات پێشمەرگە بگاتە ئەو دەشتە دوورە و لەوێ گورزی کوشندە لە داگیرکەر بوەشێنێت، بەڵام پێشمەرگە گیان بەخشەکانی ئەیلولی مەزن، بە نەخشەیەکی وورد و زیرەکانە و بە سەرپەرشتی خودی ڕابەری شۆڕشی ئەیلولی مەزن (بارزانی نەمر) پلانی هەر دووچالاکیەکە یان داڕشت.... ..
(تەقاندنەوەی بۆریە نەوتەکانی زەمبوور، تەقاندنەوەی هێڵی شەمەندەفەری سلێمان بەگ – کفری) ، ئەو
دەمە (بارزانی نەمر) کەسی لە شەهیدی فەرماندە و قارەمان بە پێشمەرگەی هەڵکەوتوو چاو نەترس و بەهەڵمەت (محەمەد دەروێش نادری) بە چاکتر نەزانی بۆ سەرپەرشتی وجێ بەجێ کردنی ئەوچالاکی یانە، هەربۆیە ئەو قارەمانە و دەستەیەکی ڕاسپارد کە بەکارەکە هەستن، بەنەخشەیەکی نهێنی و ژیرانە دەستە پێشمەرگە قارەمانەکە بە بەرنامەکانی (بارزانی نەمر) ە وە بەڕی کەوتن و بە شارەزایی چەند پێشمەرگەیەکی تری کە گەیشتنە شوێنی مەبەست و نیوە شەوێکی ترسناک لە ژێر زەویدا بۆریەکانیان دۆزیەوە و مین ڕیژیان کرد و هەر ئەو شەوەش واتە شەوی 21/ 7 / 1965 هێڵی شەمەندەفەری سلێمان بەگیان مین ڕیژ کرد و پاش چەند سەعاتێک دووناڵەی گەورە تەواوی ناوچەکەی هەژاند و گرمەی تەقینەوەی بوو بە بورکان و هەڵایسانی ئاگری بۆری نەوتی دزراوی کوردستان وشەوە زەنگی ناوچەکەی کردە چراخان و بۆ ڕۆژانی دواتریش، ڕۆژنامە و ئاژانسەکان و دەنگوباسی جیهانی و دەرەوە بە بایەخەوە هەواڵی لێدانی بۆریە نەوتیەکانی زەمبووریان بە دەستی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردوە و ودەستە پێشمەرگە قارەمانەکەش بە فەرماندەی (محەمەد دەروێش نادر) گەڕانە وە جێ ی هاتنیان و بارەگای بارزانی نەمر، گەر چی هەڤالێکی گەرمیانی یان شەهید کرا بە بۆمبای ئەو تەیارانەی کە لەدویان دەگەڕا و کوێرانە بۆمبابارانی دەکردن، لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبونە بە ڕووی سوور و سەری بەرزەوە گەیشتنەوە خزمەت بارزانی نەمر و پاداشتی مەعنەوەی ودەست خۆشانەی مێژووی خۆیان لە ڕابەری بلیمەتی وخۆڕاگری نەتەوە (بارزانی نەمر) وەرگرت و بەو جۆرە بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی (5) هەمین ساڵەی شۆڕش دا یەکێ لە گەورەترین و بوێرانەترین داستانی قارەمانێتی شۆڕش تۆمارکران، ئەم داستان وچالاکی یە لەلایەک لێ زانی و شارەزایی عەسکەری وجوگرافی وپسپۆڕی لە هونەری شەڕی پارتیزانی وچالاکی و وورەی دەستی پڕ مەترسی لای پێشمەرگەی سەلماند، هەر وەها دەنگ وسەڵای شۆڕشی گەیاندە دەرەوەی وولات وگوێ ی ئازادیخوازانی جیهان. لە لایەکی دیکەوە مەبەستێکی نەتەوەیی وسیاسی گەورەی سەلمان کە شۆڕش تەسلیم بە سیاسەتی تەعریب نابێت و نەوتی کوردیش دەبێ بدرێتەوە خاوەنی شەرعی خۆی و کەرکوکیش سەودا و مامەڵەی لە سەر ناکرێت.
(چونکە کەرکوک دڵی کوردستانە) ، هەرکاتێک مرۆڤ توانی بێ دڵ بژی، ئەو کاتە کوردستان بە بێ کەرکوک ئەژی.
بارزانی نەمر.... .... . زۆر جوان بۆ ئەوە چووە کە خۆشەویستی شوینی هەر دڵە کە ژیان بە مرۆڤ دە بەخشێ ئەگەر دڵ نەبوو مرۆڤیش نابێ هەر بۆیە کەرکوکی خستە ناو دڵی کوردستان.
لە کاتێکدا ڕژێمی بەغدا پیلانی کوشتنی بارزانی نەمری دانا لە ڕیگەی چەند مەلایەکی بە ناو ئاین پەروە ر هەموو گیانیان کەرەستەی تەقینەوە بوو، دوای تەقاندنەوەی بە شێوەیەکی سەرسوڕمان بارزانی نەمر ڕزگاری دەبێ ومەکتەبی سیاسی لە تۆڵەی ئەو زوڵمە بڕیاری هەلگیرسانی شەڕی لە سەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بارزانی دا، بارزانی ڕازی نەبوو فەرمووی (ئەگەر لە سەر من شەڕ دەکەنەوە، مەیکەن لە سەر کەرکوک شەڕ بکەنەوە) .
لە دوای هێندە ساڵ وخەبات وخوێن ڕشتن بۆ کەرکوک وشوێنەکانی تری دابڕاوی کوردستان، دوژمنانمان بەئاگروئاسن شەڕی نەتەوەیەکیان لەگەڵ ئەکردین.... .... . واجارێکی تریش لەگەڵ نزیک بوونەوەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 شەڕێکی ترمان لەگەڵ دەکەن با چیتر بەرژەوەندیەکانی خۆمان وەلانێین و ناوچە دابڕوەکان بە هەڵواسراوی نەمێنن چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە هەروەک بارزانی نەمر دەفەرمووێ
(ئەوەی بەخوێن دەستمان کەوت بەدینار لێتان وەرنەگرن) .... ....
بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی کورد بە هەموو چین وتوێژەکانیەوە هەموو هەوڵ توناکانیان یەک بخەن لە پێناوی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) ی دەستوری هەمیشەی عێراقی فیدڕاڵ و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.